# جیۆپۆلۆتیكی باكوری كوردستان ودەسكەوتەكانی

سمكۆی یەزدان پەنا

كوردستان ولأتێكی داگیركراوه،داگیركەران، هەموو توانایەكیان بەكارهێناوه بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی كورد، بەلأم مانای ئەوە نییە،ئەوەی روویداوه، یان ئێستا روودەدات هەرهەمووی لە ئەستۆی داگیركەرانی ولأتەكەماندا بێت. گەلی كوردستان خۆشی لە بەشێكی ئەو دراژیدیانەدا راستەو خۆ یان ناراستەو خۆ بەشداره.

بۆیە نابێت ئێمە وەك موریدەكانی شێخ عوسمان بین، كەموو كوریەكان ببینین و باسی لێوه نەكەین،بە واتایەكی تر رەخنە لە كوردانی باكوری كوردستان یان لە هاو خوێنەكانمان نەگرین و باس لە كەمتەرخەمیەكانی خۆمان نەكەین.

زۆر دلخۆشم بەوەی كە كوردانی باكور توانیویانە 20 و چەند كورسی لە پەرلەمانی دەولەتی تورك بگرن و بە رێژەیەكی باش بەشداری پەرلەمانی تركەكان بن، پیرۆزباییان لێدەكەم.

بەلأم بە پێی ئەو هەلكەوتە جیۆپۆلەتیكەی كە باكوری كوردستان هەیەتی، پێم وایە كە دەسكەوتەكە نەتەوەییەكەی،نەتەوەی كورد لەو بەشەی كوردستاندا دەبوایە زۆر لەوە زیاتر بێت.

ئەگەر سەرنجێك بە هەلكەوتی جوگرافی / سیاسی باكوری كووردستان بدەین، ئەوەمان لا روون دەبێتەوەكە بەراستی ئەو دەرەتانەی كە هەیانە هیچ یەك لە پارچە داگیركراوەكانی تری كوردستان نییەتی ، كەچی بەداخەوه كوردەكانی باكوری كوردستان نەیاتوانیووه هەلەكە بە باشی بقۆزنەوه.

كوردەكانی رۆژهەلأت چەپ و راستیان هەر داگیركەره، باكووری كوردستان دەروازەیەكی گەورەی وەك یۆنانی هەبوو كە بەدرێژایی چەند سەدەیەك كێشەیان لەگەلٚ تركەكاندا هەیە .ئەگەر لە پارچەكانی تر، كوردەكان كۆچی زۆرەملێ كراون بەرەو خاكێك كە داگیركەرێك لە داگیركەرانی كوردستان بە سەریاندا زالٚ بووه ،بەلأم كوردەكانی باكور، لە پاش شەری جیهانی دووەم و كاولبوونی ولأتەكانی ئەوروپا، بەسەدان بنەمالەی كورد بە ناوی كرێكاری میوان بەرەو ئەوروپای غەربی كۆچدران، دەبوایە گەورەترین دەسكەوتی بەدوادا بوایە ، ئەگەر كوردەكانی پارچەكانی تر لە سایەیەی رژێمە داگیركەرەكانیانەوە هەلی ئەوەیان بۆ نەرەخسابێ كە خەلكانی بیانی بە ناوی تۆریستەوە روو بكەنە ناوچەكانیان خۆ لە تركیە سالأنە بە سەدان هەزار تۆریست سەردانێ ئەوی دەكات .

كەوابوو ئەو سێ خالەی كە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، دەكرا باشترین كەلكی بۆ بەرەو پێشچوونی بزافی رزگاریخوازانەی نەتەوەكەمان لە باكووری كوردستان وەربگیرایە. كێشەی كورد لەو پارچەیەدا، بە باشی بەدونیای دەرەوە رابگەیاندرایەو وەك نەتەوەیەكی ولأت داگیركراو و دزراو.

بە بیری من بۆ نەتەوەیەكی بندەست و ولأتداگیركراو، كە بیەوێت شۆرشی رزگاریخوازی بكات و ئازادی و سەربەخۆیی دەستەبەر بكات 3 خالٚ زۆر گرنگن.

1 زمان و كلتووری نەتەوه و پتەوكردنی .

2 پشتی جەبهەو مەكانی پەروەردەیی هێزی بەرەنگار.

3 پەیوەندی دروستكردن لەگەلٚ خەلكانی بیانی بۆ باس لە سەركێشەی نەتەوه و گەیاندنی دەنگی حەقخوازانە.

ئەم 3 خالە لە باشترین حالەتدا لە چاو پارچە داگیركراوەكانی تری كوردستاندا بۆ باكووری نیشتمان رەخساوه،كەمال ئەتاتورك باش دەیزانی ئەگەر بیەوێ نەتەوەیەك لە ناو نەتەوەیەكی تردا ئەسمیلە بكات و بەرە بەرە بیتوێنێتەوه، دەبێت لە ریشەوە لە زمان و كلتووری بدەیت ،هەر بۆیەش كورد لە ناو تركیەدا بە ناوی تركی كێوی ناوزەد كراو، ئاخاوتنی زمانی كوردیشی بقەكرد.راستە سەر نەكەوت بە زۆر هۆكار، بەلأم كاریگەریەكی زۆری هەبووەتاكو ئێستاش .

شا عەباسی سەفەوی بۆ ئەوەی هێزی كوردەكانی ناوچەی موكریان، كە ئەوسا واتە لە سەدەی 16 ی زاییدا بە هێزترین بەرەنگارانی

داگیرکەرانی عەجەم بوون لاواز کات، بەرنامەی راگواستنی 50 هەزار بنەماڵەی کوردی ناوچەکانی موکریانی بەرەو خوراسان دارشت ، کە لە ئاکامدا توانی 15 هەزار بنەماڵە بەزۆر بەرەو خۆراسان کۆچ بدات، کەچی تا ئێستا ئەو کوردانە سەهلە زمانی خۆیان لە بیرنەکردووە،و لە دڵی دوژمندا نەتوانەوە، بەڵکو ئەوان خوراسانیان کردووە بە بەشێك لەکوردستان. یەهودییەکان(جوولەکە) لە ناو دڵی عەرەبدا دەژیان و دەژین،هۆکاری سەرەکی کە توانی وەك نەتەوەیەك جیاواز لە نەتەوەی عەرەب جیایانکاتەوە و نەتوێنەوە لە ناودڵی عەرەبدا و پاراستنی زمانەکەیان بوو کە زمانی عیبری بوو.

کەچی زۆر هەلی لەبار بۆ کوردانی باکووری کوردستان بۆ پاراستنی زمانی پاراوی کوردی رەخساو نەیانتوانی کەڵکی لێوەرگرن و زمانە رەسەنەکەیان، کە دەکرێ خەنجەرێکی تیژ بێت بەرانبەر بە ترکانی داگیرکەر بپارێزن .

لە پاش شەڕی جیهانی دووەم ،ئەوروپا وێران بوو، ئەوروپیەکان پێویستیان بە هەزاران کرێکار بوو، بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان بنیات بنێنەوە، وابوو داوایان لە چەند وڵاتێکی هەژار کرد تاوەکو کرێکاریان بۆ بنێرێت ، وەك کرێکاری میوان.

دەوڵەتی ترکیە یەکێك لەو وڵاتانە بوو کەداوای لێکرا ، ترکیا ئەم داواکارییەی بە هەلێکی باشزانی بۆ ئەوەی چەند سەد بنەماڵەیەك لە ناوچەی دەرسیم (تونجەلی) کە خەڵکانی شۆرشگێر بوون بەرەو ئەوروپا کۆچ بدات و کێشەکانیان کەمتر بێتەوە.

وابوو دەوڵەتی ترك هەزاران کوردیان بە ناوی کرێکاری میوان (گاست ئەربایتەر) رەوانەی وڵاتانی ئەڵمان و هۆلەند و بەلژیك کرد .ئەو کوردانە وێرای ئەوەی کاریان دەکرد ، بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو کاولکارییەی کە بەرهەمی شەڕی دووەمی جیهانی بوو لە ئەوروپا، دەکرا دەرفەتێکی باشیش بێت بۆ بوژاندنەوەی زمانی دایك، واتە ئەو زمانەی کە کەمال ئەتاتورك قەدەغەی کردبوو لە وڵاتەکەی خۆیاندا،کەچی بەداخەوە نەیانتوانی یان نەیانەویست ئەو زمانەی کە باوك باپیرانیان لەسەری لە سێدارە درابوون، پەرەی پێبدەن

سەهلە نەوەی نەوەشیان پاش 50 ساڵ ژیان لە ئەوروپای ئازادا، هەر بە تورکی ئاخاوتنیان دەکرد، چەند جارێك سەفەری ئەوروپام کردووە، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانەوە زۆر جار لەگەڵ هاورێیەکی خۆشەویستم بە ناوی زاگرۆس کە ئێستا لە ئەمریکایە،دەچووین بۆ شوێنانەی کە زۆرتر خەڵکی لای خۆمان لێ کۆدەبووە، ئەو لاوانەمان دەدواند کە بەزمانی ترکی قسەیان دەکرد، لە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا کە بەلێ لە هۆلەند لە دایك بووین باوکیشم هەر لە هۆلەند لە دایك بووە، باوە گەورەیان کرێکاری میوانی بووە

کوردین و خەڵکی دێرسیمین، ئێمەش دەمانوت باشە چۆن دەبێ ئێوە کوردی نەزانن؟ ئەی بۆچی هەوڵنادەن فێربن؟دەیانووت لە ترکیە بە کوردی قسەکردن قەدەخەیە،

زۆر جار بە هەزاران کوردی باکور لە دژی دەوڵەتی ترکیە کۆ دەبوونەوە، کەچی کەسیان نەیاندەزانی بە کوردی قسەبکەن ، تەنیا رستەیەك کە بەکاریان دەهێنا (بی جی ئاپۆ) واتە بژی ئاپۆ بوو .

دیارە ئەم دیاردەیە تەنیا لە ئەوروپا نەبوو، بەڵکو لە شاخەکانی کوردستانیش، ئەو شوێنانەی کە بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی لێبوو، گەریلاکان بە جێگای کوردی قسەکردن، ئەوەی کە کوردیشی دەزانی دەبوایە بە ترکی (قۆشمش بکەن) و ئەوانەشی کە خەڵکی پارچەکانی تری کوردستان بوون، کۆرسی زمانی ترکیان بۆ دەکردنەوە. بە داخەوە ئەوەیە لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی کە تاقە رێگەیە بۆ رزگار بوون و گەیشتن بە سەربەخۆیی.

سەبارەت بە خاڵی دووەم ، واتە پشتی جەبهە کە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێ بۆ هەر هێزێکی نیزامی، یۆنانییەکان کە بەدرێژایی چەند سەدەیەك هیچ ئازارێك نەمابوو بە دەستی ترکانی عوسمانییەوە نەیچێژن، زەمینەی ئەوەیان تێدا هەبوو، کە هێزێکی ناسیۆنالیستی کورد دژ بە ترکە شۆڤینییەکان بەهێز بکەن،ئەگەریش تەنانەت لە پێناو تۆڵە سەندنەوە بێت لە ترکەکان. مرۆڤ کاتێك نووسینەکانی (نیکولاس کازانتزاکیس) دەخوێنێتەوە بە تایبەت کتێبی (مەسیح دووبارە لە خاچ دەدرێتەوە) بۆی دەردەکەوێت کە چەند ترکە عوسمانیەکان ناجوامێرانە لەگەڵ یۆنانییەکان جولاونەتەوە، چەندە یۆنانییەکان داخ لەدڵن بەرامبەر بە ترکەکان، کوردانی باکوری نیشتمان نەیانتوانی ئەو هەلە باشەی کە دەکرا زۆر کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ بەرەو پێشچوونی بزاڤی رزگاری خوازی نەتەوەکەمان ، گەریلاکان راستچوون بە سەرۆکایەتی ئاپۆ لە دڵی داگیرکەرێکی تردا بارەگایان داناو گریلاکانیان لە ژێر دەسەلاتی هاوپەیمانانی داگیرکەرانی تری کوردستان، واتە دەوڵەتی سووریە و حافز ئەسەدەکاندا مۆڵداو لە وێشەوە بەرەو سنوورەکانی تری دەسەلاتی ئیسلامی ئێران کۆچیان کرد .

خاڵی سێهەم

واته پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ بیانییەکان بۆ ناساندنی کێشەی نەتەوەی کورد و پەیدا کردنی دۆست و پشتیوان بۆ کێشەکەمان، باکوری نیشتمان و هاوخوێنەکانمان لە چاو ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و تەنانەت باشوری ڕزگارکراویش هەلی لەبارتریان بووە و ئێستاش هەر زۆرترە. وێرای ئەوەی کە کوردەکانی باکووری کوردستان هەر لە نیوەی دوومی چلەکانەوە بە سەربەستی لە ئەوروپای ئازادا دەژین و لە خودی ترکیاش ساڵانە بە سەدان هەزار مرۆڤی ئەوروپی و ئەمریکایی بە ناوی توریست وگەرانەوە سەردانی ئەو وڵاتە دەکەن، کە ئەمە ئاواتی کوردانی پارچەکانی تری کوردستانە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە کێشەکانیان ئاگاداریان بکەنەوەو بیکەن بەگوشارێك لە سەر داگیرکەرانی وڵاتەکەیان.

بەداخەوە نەبوونی ڕێبەرێکی ئەوتۆ کە بتوانی لەم هەلو مەرجە لە بارەی باکوری کوردستان و هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکەی کە باکوری کوردستانی تێدایە .سود وەربگرێ

کە دەکرا دەروازەی دەنگهەڵبرین بێت بۆ هەموو نەتەوەی کورد، سەبارەت بە مافە ڕەواکانی .